# گەمارۆی نوێی شورای ئاسایش، پێداگریی کۆماری ئیسلامیی لە سەر چەکی ناوکیی، ڕێگای ڕزگاری کامەیە؟ *

حەسەن ڕەحمان پەناه



١٥ئەندامی شورای ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕۆژی شەممە ٢٤ی مارسی ٢٠٠٧ لە بارەگای ئەم ڕێکخراوە لە نیۆیۆرک، بە زۆرینەی دەنگ بڕیارنامەیەکی تازەیان لە دژی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران پەسەند کرد. ئەم بڕیارنامە نوێیە کە بە بڕیاری ١٧٤٧ ناسراوە، مۆڵەتی ٦٠ ڕۆژەی بە ئێران داوە هەتا بەندەکانی بڕیارنامەی ١٧٣٧ی شورای ئاسایش کە لە سەرماوەزی ١٣٨٥ هەتاویدا لەم شورایە پەسند کرا، جێبەجآ بکات و هێندێک داواکاریی تریشی پێوە زیادکراوە. بڕیارنامەی ١٧٣٧ وێرای سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ناوەندی پیشەسازیی مووشەکیی و ناوکیی، داوای ڕاگرتنی بآ ئەملاوئەولای پیتاندنی یۆرانیۆمی لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە هێناوەتە گۆڕآ، کە کۆماری ئیسلامیی لە بەجێگەیاندیاندا خۆ دەپارێزێ. لە بڕیارنامەی ١٧٤٧ و لە ماوەی ٢مانگ مۆڵەت کە بۆ حکومەتی ئیسلامیی دیاریکراوە، هاتوەە کە "دەبآ ئێران گەڵاڵە ناوکییەکانی خۆی لەگەڵ داخوازییەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیدا بگونجێنێ و دەورەیەکی نوآ لە وتووێژەکان دەست پێبکات".

بڕیارنامەی ١٧٤٧ لە ناوەرۆک و داواکارییەکانیدا بە بەراورد لەگەڵ بڕیارنامەی ١٧٣٧ توندوتیژتر و بەرینترە . لەم بڕیارنامەیدا گەمارۆ خراوەتە سەر فرۆشتنی چەک لەلایەن ئێرانەوە و بە ئاشکرا نووسراوە. ئامریکا و ئیسرائیل و ژمارەیەک وڵاتی تر، کۆماری ئیسلامیی تاوانبار بە هەناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ حەماس و جیهادی ئیسلامیی لە فەلەستین و حیزبووڵا لە لوبنان و ژمارەیەک لە دەستە و تاقمە چەکدارەکان لە عێراق دەکەن.

لە ماوەی ٢٨ ساڵی ڕابردوودا ئەوە یەکەم جارە کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە فرۆشتنی چەک و تەقەمەنیی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ دەرەوە بڕیارنامە دەردەکات، کە ئەم کارە بە ئاشکرا بە مانای پێداگریی و دژایەتی لەگەڵ پشتیوانیی مادیی وتەسلیحاتی کۆماری ئیسلامیی لە گروپ و تاقمە بونیادگەرا ئیسلامییەکان لە ناوچەکەدایە کە بە نۆرەی خۆی شکستێکی گەورەیە بۆ ڕژێمی ئیسلامیی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی و سەرکەوتن بۆ ئیسرائیل و ئامریکایە لە ڕازیکردنی سەرجەم ئەندامانی شورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە دژایەتیکردنی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە و بەکەوتنە شوێن داخوازییەکانی ئەوان دەژمێردرآ.

هەروەها یەکێکی تر لە داخوازییەکانی بڕیارنامەی ١٧٤٧، داواکردن لە وڵاتانی دیکەیە کە لەسەر ڕەزامەندیی خۆیان پەیوەندی بازرگانیی ومالیيان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیی ئێراندا ڕاوەستێنن.

ئەم بڕیارنامەیە پشت بە بەشی حەوتەمی بەڵگەنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبەستآ کە بە بەکردەوە دەرهێنانی ئەو بڕیارە تازەیە بۆ سەرجەم وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە پێویستە.

لە یەکێکی تر لە بەندەکانی ئەم بڕیارنامەیەدا ٢٨ لایەنی حەقیقی و حقوقی ڕووبەڕووی گەمارۆ و ڕاگرتنی داراییەکانی بانکیی و مالیی و قەدەغەکردنی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات لەلایەن شورای ئەنجوومەنی ئاسایش بوونەتەوە .زۆربەی ئەم شەریکە و ناوەند و دامەزراوە و کەسانەی کە ڕووبەڕووی گەمارۆ و ڕاگرتنی داراییەکان و قەدەغەبوونی سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بوون، ئەو ناوەند و کەسانەن کە تێکەڵ بە چالاکیی ناوکی ومووشەکی ئێران بوون. هەروەها هێندێک بانکی وەک بانکی سپە، بانکی سادرات و بانکی جیهانی سپە و هێندێک کەسی تر لەخۆدەگرآ کە وەک پلان داڕێژی سەرەکی و بیرمەندانی ناوکیی و چەکسازیی ڕژێم ناسراون و لە بەرپرسان و کاربەدەستانی سوپای پاسداران پێکهاتوون.

گومانی تێدا نییە کە بڕیارنامەی دووهەم لە بڕیارنامەی یەکەم توندوتیژترە و ناوەرۆک و داخوازییەکانی بەرینترە. بە بەجێگەیاندنی ئەم بڕیارنامەیە ئاستی گەمارۆ و کۆسپەکانی سەر ڕێگای پەیوندییە ئابوەریی و بازرگانییەکانی

ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوەدا بەرتەسکتر و دژوارتر دەبآ و ئابووریی قەیران لێدراو و گەندەڵیی ئێران زیاتر تووشی ئەزمە و قەیران دەکات.

بە بڵاوبوونەوەی بڕیارنامەی ١٧٣٧ بارودۆخێکی پڕ لە ترس و نیگەرانی کۆمەڵگای ئێرانی داگرت. خەڵک دەستیان کرد بە پاشەکەوتی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان، نرخی زۆربەی کەلوپەلەکانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک بۆ ئاستێکی چەند بەرابەر بەرزبۆوە.

مافیای ئابووری و بازرگانی کە جڵەوی بەدەست ڕێبەرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی و دەست و پێوەندەکانیەوەیەتی، گەلێک سوود و بەرژەوەندییان دەست کەوتوءە و سفرەی هەژارانەی زۆربەی خەڵکی ئێران فەقیرانەتر بووە. گرانیی هاوکات لەگەڵ بێکاری، نەبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وئیمکاناتی دەرمانیی و ئابووری هەرچی زیاتر پشتی خەڵکی ئێرانی چەماندۆتەوە.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا و لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵدا، ڕژێم بنەمای حەقدەستی کرێکارانی بۆ ساڵی ٨٦ هەتاوی دیاریکرد. بەپێی پەسندکراوی شورای کار، لانیکەمی حەقدەستی کرێکارێک لە مانگێکدا ١٨٣ هەزار تمەن (١٨٥ دۆلاری ئەمریکی) دیاریکردءوە و ئەم حەقدەستە کەمە کرێکارانێک لەخۆ دەگرآ کە لەسەر کارن و شانسی پەیداکردنی کاریان هەیە. لەسەدا ٢٠ی بێکارانی ئێران لەم هەقدەست و نیعمەتە ئیسلامییەی ڕژێم بێبەشن. بەپێی ئاماری فەرمیی ڕژێم، هێڵی هەژاریی لە ئێران بڕی ٢٥٠ هەزار تمەن واتە زیاتر لە (٢٥٠دۆلار) لە مانگێکدایە و بەپێی زۆربەی بەراوردەکانی زانستیی وکارناسانە، خەرجیی ژیانی بنەماڵەیەکی ٥ کەسیی لە مانگێکدا، نزیک بە ٥٠٠ هەزار تمەنە (٥٥٠دۆلار)، جیاوازیی نێوان ئەم دوو خەرجە و حەقدەستی مانگانەی بەرپرسێکی بنەماڵە، ٣٠٠ هەزار تمەنە (٣٠٠ دۆلارە) کە ئەم جیاوازیی و کەلەبەرەی پێداویستی و دابین بوونی ژیان، دەبآ لە ڕێگای کاری زۆرەملێ بە منداڵان، لەشفرۆشیی ژنان، چەند پیشە بوونی ژنان و پیاوان، ئەویش ئەگەر بواری کار بڕەخسآ پڕبکرێتەوە.
سەرەڕای نیگەرانییەکانی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی کار و پیشە، نان، کرێی نیشتەجێبوون، خوێندنی منداڵان و زۆر شتی تر، نیگەرانیی و ترس لەشەڕ وکوشتار وچەندین بەڵا و موسیبەتی تر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی تووشی مەترسیی کردووە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدایە کەخەڵکی ئێران ڕووبەڕووی هەراوهوریای شەڕخوازانە دەبنەوە و بە وتەی ئەحمەدی نەژاد "قەتاری ئەتومیی ئێران نە گێر و نە ستۆپی هەیە و نە ڕادوەستێت." فەزای شەڕخوازی لەکاتێکدا سێبەر دەخاتە سەر کۆمەڵگای ئێران کە خەڵکی ئازارچێشتوو و بەڵادیتووی ئەم وڵاتە ئەزموونی ترسناکی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیان پشت سەر ناوە .

لە هەلومەرجێکی ئاوادا ڕەوانەکردنی دوو کەشتی شەڕکەری ئامریکایی بۆ ئاوەکانی کەنداو، هەڕەشەی ڕۆژانەی کاربەدەستانی ئامریکایی لە کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی وگەڵاڵەی هێرش بۆ سەر ئێران کە گوایە لە سەر مێزی کاری بووشە، گیرانی چەند کاربەدەستی ئاسایشی ئێران لە هەولێر و بەغدا لە عێراق و فەرمانی بووش بە مەبەستی تەقەکردن لە ئێرانییەکانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامیی لە عێراق، گیرانی١٥ مەلەوانی ئینگلیسی لە ئاوەکانی کەنداو لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە و ڕاگوێزانی ئەوان بۆ تاران، مانۆڕە یەک لەدوای یەکەکانی سوپای پاسداران لە کەنداو و دەریای عوممان و سەرسنوورەکانی ئێران و عێراق و مانۆڕی ١٠ هەزار کەسیی هێزەکانی ئامریکایی لە کەنداو، نیشانەی سەربزێوی و نییەتی شەڕخوازانەی کاربەدەستانی کۆشکی سپی و ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەگەر ئەم کردەوە و شەڕەنگێزییانە، ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامیی لێ نەکەوێتەوە کە تا ئێستایش وا نیشان دەدات، (مەگەر لێدانی بەرتەسک لە ناوندە هەستەیی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی پاش ناکام مانەوەی هەوڵە دیپلۆماتیکەکان، کە ئەویش بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی و بە زیانی خەباتی خەڵکی ئێران تەواو دەبێت)، بەڵام هەلومەرجی نیزامیی بەسەر ئێران و سەرجەم ناوچەکەدا زاڵ کردوءە و مۆتەکەی شەڕ بۆتە بەشێک لە ژیان و نیگەرانیی واقعی خەڵکی ئێران.

گومانی تێدانییە کە نیولیبیراڵەکانی دەسەڵاتدار لە کۆشکی سپی سەرەڕای مەیل و حەز لە شەڕ وخوێنڕێژی، بەڵام توانا وئیختیاراتی بەرتەسکیان لەسەر ڕێدایە و بە مەیلی خۆیان ناتوانن لە هەموو شوێنێک ڕمبازێن بکەن. ئەگەر

بیروڕای گشتی جیهان بۆ بووش و هاوکارەکانی زۆرگرینگ نەبآ، بەڵام ئەوان ناتوانن بەرانبەر بە بیروڕای گشتی و دەنگدەرانی ئامریکایی کەمتەرخەم بن. هەر ئەو دەنگدەرانەی کە وەڵامی سیاسەتەکانی٦ ساڵی ڕابردووی بووشیان لە دواین هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نوێنەران و سەنای ئەم وڵاتە بە تۆمارکردنی گەورەترین شکستی سیاسی ١٢ ساڵی ڕابردەوی دەسەڵاتی کۆماریخوازەکان دایەوە.

دژایەتی ئاشکرا و بەرچاوی دەنگدەرانی ئامریکایی لە ڕاستیدا دژایەتیکردنی سیاسەتی شەڕخوازانە و ئاڵۆزکردنی جیهان لەلایەن بووش و حیزبەکەیەتی. خەڵکی ئامریکا بە دیتنی کوژرانی هەموو ڕۆژەی منداڵەکانیان لە شەڕێکی بێئاکام و نائومێد لە عێراقدا، کە سەرکەوتن تێیدا ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتر دەبآ و زاڵە هاتوون و حازرنین چیتر منداڵەکانیان بکەنە قوربانی. هەروەها ئەوانەی لە ئامریکا ماڵیات دەدەن لە بەفیڕۆدانی بێئاکام و نادیاری ئەو ماڵیاتە لە شەڕی عێراق و ئەفغانستان ناڕازین. ئەو ڕاستییانە و گەلێک فاکتەری تر، سەرکۆماری ئەمریکایان خستۆتە هەلومەرجێکی دژواری هەڵگیرسانی شەڕێکی ترەوە لەناوچەکەدا. تەریک بوونەوەی سیاسەتی پاوانخوازانەی کار بەدەستانی کۆشکی سپی و تاکڕەوی ئەوان لە بواری نێونەتەوەیی بۆتە هۆی گرژیی و ئاڵۆزیی بە ئاشکرای سیاسەتی کۆماریخوازان و دیموکراتەکانی نەیاریان لە ئاستی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەمریکا.

هەروەها وڵاتانی دیکەی ئیمپریالیستی، لە ڕێگای لاوازکردنی سیاسەتە شەڕخوازانەکانی بووش وهەوڵدان بۆ بەرتەسک کردنەوە و پابەندکردنی بە بڕیارنامە و یاسا و ناوەندە نێونەتەوەییەکان هەوڵ بۆ ڕامکردن و پێشگرتن لە سەرەڕۆییەکانی بووش دەدەن. ڕێککەوتنی گشتی شورای ئاسایش سەبارەت بە پەسەندکرانی ٢ بڕیارنامە بۆ دژایەتی لەگەڵ پرۆژەی ناوکیی ئێران، جیاواز لە دژایەتیکردن لەگەڵ بەرنامەی درێژماوەی ئەتۆمیی ئێران، لە لایەکی دیکەوە مەبەستی باقی زلهێزکان پابەند کردنی بوش بە گەمەکانی نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرجەم یاسا و ناوەندەکانی تری نێونەتەوەیی و بە ڕەسمیی ناسینی بەشی نەیارانی جیهانی ئەو لە جیهانی چەند جەمسەری ئەمڕۆدایە.

شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامیش وەک لایەنی سەرەکی ئەم کێشەیە، ئاگاداری توانایی و ئاستەنگەکانی خۆی و دەوڵەتی ئامریکایە لەم کێشمەکێش و دژایەتییانەدا کە ئەمڕۆ لە ئارادان. سەرەڕای کارشکێنی بەرتەسک، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ڕێخۆشکەری سەرکەوتنی ئامریکا لە ئەفغانستان و عێراق بووە وکاریگەریی و قازانجی حاشاهەڵنەگری لەم سەرکەوتنانە هەبووە .کۆماری ئیسلامیی بە ئاشکرا هاوکاریی دەوڵەتی ئامریکای کرد بۆ ڕووخاندنی تاڵیبان و ڕژێمی بەعسی عێراق و لە لایەکی دیکەوە ئامریکاش لە پێناو ڕووخاندنی دوو نەیاری سەرەکی کۆماری ئیسلامیی، واتە تاڵیبان و ئەلقاعیدە لە ڕۆژهەڵات وحکومەتی بەعس لە ڕۆژئاوای ئێران، ڕۆڵی سەرەکی گێڕا و خزمەتی گەورەی بە کۆماری ئیسلامیی کرد.

لە ئەفغانستان "کەرەزای" وەک دەوڵەتی دۆست و برای ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست و لەعێراقیش ڕەوتی شیعە کە دوو دەیە بوو لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی ماددی، فیکری و چەک وچۆڵ دەکران، دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. ئەم کارە خزمەتێکی گەورەی ئامریکا بوو کە بە ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێرانی کرد. هەر بۆیە دەبینین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە کردەوە شاهیدی نزیکایەتی و هاوکاریی نێوان ئێران و ئامریکا بە تایبەت لەم دوو وڵاتە بووین. کۆنفراسی بەغدا لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا و دانیشتنی نوێنەرانی دوو وڵاتی ئێران و ئامریکا بۆ یەکەم جار لەلای دەستی یەک، هۆکارێکە لە ڕەوانەوەی تا ڕادەیەک بێبڕوایی دوولایەن بە یەکتر و ڕێگاخۆشکەر دەبێت لە بەشداری وەزیرانی دەرەوەی دوو وڵات لە کۆبوونەوەی داهاتووی تورکیە لە ماوەی داهاتوەدا، کە بڕیار وایە ئەم پرۆسەیە چەند هەنگاو بەرەوپێش بەرن.

بەڵام سەرەڕای سەرجەم ئەو ڕاستییانەی کە باسکرا، دژایەتی لەگەڵ پرۆژەی ئەتۆمیی ئێران و بەرگری لە تەیاربوونی کۆماری ئیسلامیی بە چەکی ناوکیی نیگەرانییەکی واقعی ئامریکا و زلهێزەکانی دیکەی جیهانە. چونکە ئەتۆمیی بوونی ئێران ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بوونی لەسەدا ٧٠ی وزە و سوتەمەنیی سروشتی تێکڕای جیهان، دەشێوێنآ و وڵاتانی تری ناوچەکەش لەپێناو دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیی وەسوەسە و توەشی هەوڵبۆدان دەکات و بە کردەوە ئەم ناوچە هەستیارە دەخاتە قۆناغێکی تازەتری ململانێی چەکی مەترسیدارەوە، کە داهاتووی پڕ مەترسیی و ئاسایشی ناسەقامگیری ئەم ناوچەیەی بە هیچ جۆر تێدا گارانتی ناکرآ.

خاڵێکی گرینگی دیکەی بەرنامەی ناوکی ئێران، ڕووی لە ناوخۆی وڵاتە. کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئەو بڕوایەیە کە وڵاتانی خاوەن چەکی ناوکیی نە تەنیا لە ئاستی جیهانیدا دەستدرێژیکردن بۆ سەریان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو کردەوەیەکی مەترسیدار و تاڕادەیەک مسۆگەر نییە. هەروها هەبوەنی چەکی ناوکیی بۆ ناوخۆی وڵات و نیشاندانی دوژمنی دەرەکیی و خوڵقاندنی کەشوهەوای شەڕ، بوار بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەریش دەڕەخسێنآ.
بەڵام لە چوارچێوەی بەرنامە و پرۆژەی ناوکیی ئێران، ئەوەی کە لەلایەن میدیای ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامیی و بانگەشەکەرانی ئەوانء بەئانقەستء بە بەرنامە لەبیری دەبەنەوە، هەلومەرجی نێوخۆی ئێران و ناڕەزایەتییە بەرین و جەماورییەکانی دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەم ناڕەزایەتییانە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە سەرجەم مەیدانەکان درێژەی هەبوەء و ڕەوتێکی ڕوو لە پێشەوە و هیوا بەخشی بەخۆیەوە گرتوەء. ئێستا بە تێڕوانینێکی سەرپێییانە دەبینین کە کۆمەڵگای ئێران بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا کۆمەڵگایەکی زیندووی بە جموجۆڵ و لە حاڵی بەرەوپێش چووندایە کە بەرەبەرە و بەردەوام و هەنگاو بە هەنگاو لە هەوڵی گۆڕانکاریی قوڵی کۆمەڵایەتیدایە و هەلومەرجی رزگاریی خۆی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامیی دەخوڵقێنێ. بزووتنەوەیەک کە هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی حکومەتی مەزهەبی و جیابوونەوەی دین لە دەوڵەت یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانیەتی.
ساڵی١٣٨٥ی هەتاوی، ساڵی بەرینتر بوونەوە، قوڵتر بوونەوە و پتەوتر بوونی بزووتنەوەی کرێکاریی، ژنان، خوێندکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو. ئەمڕۆ، ئەم تێکۆشان و بزووتنەوانەن کە وێڕای ململانێ لەگەڵ بێکاریی، گرانیی، گیرۆدە بوون بە مەوادی سڕکەر و سەرجەم گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بەربەرەکانێ لەگەڵ سەرکوت و دیکتاتۆریی توندوتیژی ئیسلامیی، سیمای ڕاستەقینەی کۆمەڵگای ئێران نیشان دەدەن. بەڵام لەبەرانبەر ئەم ڕەوت و بزووتنەوە هیوابەخشانەدا بەشێک لە لیبڕاڵەکانی ئێران و ناسیۆناڵیستەکانی کورد چاوی هیوایان بڕیوەتە هێرشی نیزامیی ئامریکا و ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامیی لەڕێگای دەستتێوەردانی نیزامیی ئەم وڵاتەوە. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن بەبآ هاوکاری و دەستتێوەردانی ئامریکا واتە بەبآ دووپاتکردنەوەی سیناریۆی عێراق ڕێگایەکی دەربازبوون بۆ خەڵکی ئێران لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەئارادا نییە. ئەم ڕەوتانە بەم ئاسۆ و سیاسەتانەیانەوە، لەلایەکەوە نامۆبوونی خۆیان لەگەڵ ویست وداخوازییەکانی بزووتنەوەی جەماوری و شۆڕشگێڕانەی ئێران دەسەلمێنن، لەلایەکی دیکەیشەوە حازربوونی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەی ئیمپریالیستی ئامریکا لە ئێران نیشان دەدەن. بەڵام مێژوو هەتا ئێستا نیشانیداوە کە ڕزگاریی خەڵکی ستەملێکراو و مافخواز و بەدەستهێنانی ئازادیی و ڕزگاری لەژێر سەرکوتی دیکتاتۆری و شەڕ و گەمارۆی ئابووری و.... تەنیا لە ئاکامی خەباتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جەماوەرێکدا بەدەستدێت کە خۆیان هەڵسووڕاوانە بۆ بەدیهێنانی خەبات دەکەن و لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانە و بە کردەوی خۆیاندا لە پێناو دامەزراندن و پارێزگاری لە ئازادی و دادپەروەریدا یەکگرتوءانە فیداکاریی دەکەن.

ئێستا کە سێبەری نەحسی گەمارۆ و شەڕ بەسەر کار و ژیانی خەڵکی ئێراندا قورسایی دەکات و مۆتەکەی شەڕێکی تر بەهەوڵی ئامریکا وکۆماری ئیسلامیی ڕۆژبەڕۆژ بەسەر خەڵکی ئێران وناوچەکەدا زاڵ دەبآ، تەنیا ڕێگای ڕزگاری لەم بەڵاو نەهامەتییانە و داهاتوویەکی لێڵ کە لە ئاکامی سیاسەتی دوو دەوڵەتی شەڕخوازدا خوڵقاون، خەباتی وشیارانە، یەکگرتوءانە و ڕێکخراوی خەڵکی ئێرانە، کە هەم دەتوانآ بۆ هەمیشە شەڕی کۆماری ئیسلامیی لەسەر خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران وناوچەکە بسڕێتەوە و هەم دەسەڵاتی مەزنخوازانەی ئامریکا وململانێی درۆینەی ئەو لەدژی دیکتاتۆرەکان پووچەڵ بکاتەوە و هەم خەباتی ڕاستەقینەش بە ڕێبازی عەینی خۆیدا بباتە پێش. بێگومان بیروڕای گشتی ئاشتیخواز و ئازادیخواز، ناوەندە کرێکارییەکان، چەپ و مرۆڤدۆستی جیهان لەم خەباتە شۆڕشگێڕانەیە و مافخوازانەیەدا، یارمەتی خەڵکی ئێران دەدات. نە گەمارۆ و نە شەڕ، بەرینترکردنەوەی خەبات لە پێناو ڕووخانی ڕژیمی ئیسلامیی، دەتوانآ ببێتە دروشمی جەماوەری ناڕازی و وەگیان هاتوو و ڕەوتی ڕزگاریی خەڵکی ئێران بەرەو پێش بەرێت .

٢٧ی مارسی ٢٠٠٧

ئە م بابە تە لە ژمارە ی ٣٢١ حە وتونامە ی هاولاتی بە ریکە وتی ١١ی ئاوریلی ٢٠٠٧ بلاو بوە تە وە